گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/xgg0qk38
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٩/١١
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/١٠/١٣
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# شیکردنەوەی زمانی جەستە بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان

**ئومێد صمد احمد[١] - رزگار اسماعیل کریم[٢] - محمد عثمان علی[٣]**
mohammed.o.ali @su.edu.krd - rizgar.kareem@su.edu.krd - omed.ahmad@su.edu.krd
[١+٣]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
زمانی جەستە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی لە نێوان مرۆڤەکاندا. لەڕێگەی جوڵەی جەستەیی، دەستەکان، ڕوخسار و هەڵوێستی جەستەوە، دەتوانن زانیاریی و هەستەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیێنن، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی زمانی جەستە بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان) شیکردنەوەیەکی تەواوی بۆ زمانی جەستە لە ڕوانگەی تیۆریی کردە قسەییەکان کردوە، بەپێی ڕێبازی (وەسفی شیکاریی)، توێژینەوەکە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان جوڵەی جەستە و کردە زمانییەکان دەکات، بە پشت بەستن بە بنەماکانی ئۆستن، زمانی جەستە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پەیوەندیی مرۆیی، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی مەبەست و نیازەکاندا، کە ئەمەش کرۆکی تیۆریی کردە قسەییەکان پێکدەهێنێت، ئەگەرچی تیۆریی کردە قسەییەکان لە بنەڕەتدا بۆ شیکردنەوەی زمانی گوتراو دارێژراوە، بەڵام دەتوانرێت بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە نازارەکییەکانیش بەکاربهێنرێت، زمانی جەستە دەتوانێت وەک کردەیەکی قسەیی تارادەیەك لێکبدرێتەوە و شیبکرێتەوە، چونکە زمانی جەستە وەک سیستەمێکی پەیوەندیکردن نازارەکی کارا، بەهەمان شێوەی پەیوەندیکردنی زارەکی، بەشێوەیەکی سەربەخۆ واتا دروستدەکات و دەیگوازێتەوە، بەمەش زمانی جەستە دەتوانێت، وەک سیستەمێکی تەواو لە جۆرەکانی کردەقسەییەکاندا، کردەی مەبەست و کردەی پاشکار ئەنجامبدات و هەمان مەبەستی ئەرکەکانی کردەقسەیی ئاخاوتنی: (سەپاندنی یاسا، داواکردن، بەڵێندان، دەربڕین، بڕیاردان) ببینێت، چونکە هەر جوڵەیەکی جەستە، نێرەر بۆ مەبەستێك بەکاریدەهێنێت و کاریگەریی لەسەر وەرگر دروستدەکات، بەمەش زمانی جەستە دەتوانێت، وەک سیستەمێکی تەواو لە کردەقسەییەکان شیبکرێتەوە.

**کلیلە وشەکان**: زمانی جەستە، کردە قسەییەکان، کردەی ئاشکرا، کردەی مەبەست، کردەی کاریگەریی.

# Analysis of Body Language Based on the Theory of Speech Acts

**Omed Samad Ahmad[1] Rizgar Ismail Kareem[2] Mohammed Osman Ali[3]**

[1+3]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish Language, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Body language is one of the most important means of non-verbal communication between humans. Through physical movements, gestures, faces and body postures, we can convey their information and feelings effectively. This study entitled (Analysis of Body Language Based on the Theory of Speech Acts) has made a complete analysis of body language from the perspective of the theory of speech acts. According to the analytical description approach, the study mentions the relationship between body movements and linguistic acts based on Austin's principles, body language as an integral part of human communication plays an important role in communicating intentions, this is the essence of speech act theory, although speech act theory is primarily designed to analyze spoken language. However, it can also be used to analyze nonverbal communication. Body language can be interpreted and analysed as a complete verbal act because body language as an active nonverbal communication system, as verbal communication, creates and conveys meaning independently. Thus, body language can, as a complete system of verbal actions, perform illocutionary acts and subjunctive actions and carry the same purpose of the functions of speech acts: (imposing laws, requests, promises, expressions, decisions), because every body movement, a sender uses as a purpose and affects the recipient; therefore, that body language can be analysed as a complete system of speech acts.

Keywords: Body Language, Speech Acts, Direct Actions, Illocutionary Acts, Perlocutionary Acts

## پێشەکی

### ١-٠ناونیشانی توێژینەوەکەو بوارەکەی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: (شیکردنەوەی زمانی جەستە بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان)، کەتێیدا (زمانی جەستە) بەنمونە وەرگیراوە و شیکراوەتەوە بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان، بواری توێژینەوەکەش زیاتر لە چوارچێوەی پراگماتیکدایە، بەتایبەتی کردە قسەییەکان.

### ٢-٠ سنوری توێژینەوەکە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی(زمانی کوردی- زاری کوردیی ناوەڕاست) دایە، واتە لە چوارچێوەی ئەم زارەدا شیکردنەوەی زمانی جەستە بەپێی کردە قسەییەکان لەزماندا دەخاتەڕو.

٠-٣**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی توێژینەوەکە (ڕێبازێکی وەسفی شیکاری)یە، بە سود وەرگرتن لە زمانی جەستە و شیکردنەوەیان بەپێی کردە قسەییەکان.

**٠-٤ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە پەیوەندیی نێوان زمانی جەستە و کردە قسەییەکان دیاریدەکات و نیشانیدەدات، کە چۆن زمانی جەستە دەتوانێت وەک قسەیەکی کارا کاربکات و کاریگەریی لەسەر پەیوەندیکردن هەبێت.

**٠-٥گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی جەستە و کردە قسەییەکان دەدات، هەروەها گرنگە بۆ ناسینەوەی جۆرەکانی جوڵە جەستەیی و دیاریکردنی ئەو مەبەست و ئامانجانەی کە لە دوای ئەم جوڵە جەستەییانەوە هەیە.

**٠-٦پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی چەند پرسیارەکدا دەگەڕێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. چۆن دەتوانین زمانی جەستە شیبکەینەوە بەپێی تیۆریی کردەقسەییەکان؟

٢. چ جۆرە کردەقسەییەک لە ڕێگەی جوڵەی جەستەوە لە هەمویان زیاتر دەردەخرێن؟

٣. جیاوازی نێوان کردەقسەیی ئاشکراو و شاراوەی زمانی جەستە هەیە؟

**٠-٧ناوەڕۆك و پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەییە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی، دابەشی سەر دو بەش کراوە، بەشی یەکەم؛ دوتەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم چەند لایەنێکی تیۆریی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و تێیدا سەرەتا تیشك خراوەتەسەر؛ زمانی جەستە، جۆرەکانی، دواتریش لە تەوەری دوەم باس لە تیۆرییکردە قسەییەکان و جۆرەکانی وپۆلینکردنی کردەقسەییەکان لەلای ئۆستن دەکات، بەشی دوەمیش لایەنی کارەکی توێژینەوەکەیە، تێیدا باسی شیکردنەوەی زمانی جەستەیە بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان دەکات، کردەی مەبەست و کردەی کاریگەریی جوڵەکانی جەستە ڕوندەکاتەوە.

**بەشی یەکەم: زمانی جەستە**

**١-١پێناسە و گرنگی زمانی جەستە:**

پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە، کە تەنها پشت بە وشەکان نابەستێت. بەشێکی بەرچاوی پەیامەکان لە ڕێگەی زمانی نازارەکییەوە دەگوازرێنەوە، کە زمانی جەستە یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی، کەواتە زمانی جەستە جۆرێکە لە پەیوەندیی نازارەکی کە تێیدا جوڵە و هەڵسوکەوتی جەستەیی، لەبری وشە و دەربڕین، یان گواستنەوەی زانیاریی بەکاردێت(مینە، ٢٠٠٤، ٢٦).

ئەم جۆرە زمانە بە بەکارهێنانی جوڵە جیاوازەکانی جەستە، وەک:( دەست، سەر، دەم و چاو، نیشانە جەستەییەکان، دوری نێوان کەسەکان) پەیامەکان دەگەیێنێت، کاریگەرییەکی بەرفراوان لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی پەیامەکان و پەیوەندییەکان دەبێت. کەواتە زمانی جەستە بریتییە لە کۆمەڵێک ئاماژە و جوڵەی نازارەکی، کە لە ڕێگەی ئەندامەکانی جەستەوە دەردەبڕدرێن و پەیامی واتادار دەگەیەنن، ئەم زمانە جوڵەی دەست، دەربڕینی ڕوخسار، ئاماژەکانی چاو،

شێوازی وەستان و دانیشتن، و دوری نێوان تاکەکان لەخۆدەگرێت(ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٣٦)، زمانی جەستە تەواوکەری ئاخاوتنی زارەکییە و زۆرجار ڕاستی و دروستیی پەیامەکان دەردەخات، چونکە بەشێکی زۆری بەبێ ئاگایی و بە شێوەیەکی خۆکارانە ڕوودەدات بە واتایەکی دیکە، زمانی جەستە دەتوانێت پشتگیریی وشەکان بکات، پێچەوانەیان بێتەوە، یان بە تەنها پەیامێکی سەربەخۆ بگەیەنێت، زۆرجار کاریگەرتر و ڕاستگۆترە لە وشەکان، وەک کلیلێک وایە بۆ تێگەیشتن لە هەستە شاراوەکانی بەرانبەر، واتە زمانی جەستە هۆکارێکی گرنگە، بۆ زانینی ڕاستی و دروستی مەبەستی بەرانبەر، یان ئەو نهێنیانەی، کە لە ناخیدا حەشاری داون(صالح، ٢٠٢٠، ١٨٨). هەروەها جیاوازە لەو وشە و دەربڕینانەی، کە بە زمان گوزارشتیان لێدەکات، بۆ نمونە، ئەگەر کەسێک بە دەمەوە بڵێت "باشم"، بەڵام ڕوخساری و جەستەی نیشانی بێزاری، یان نارەحەتی بدات، وەرگرەکە زیاتر متمانە بە زمانی جەستەکە دەکات نەك بە وشەکان.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت، بەگشتیی زمانی جەستە بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەشدەبێت:

**١- زمانی جەستەی سروشتی:** ئەمانە جوڵە و کردەوەی خۆکارانەن، کە بە سروشت دروستدەبن و لە هەمو کولتورەکاندا لە یەک شێوەدا دەردەکەون، وەک پێکەنین لەکاتی خۆشحاڵی، یان گریان لەکاتی دڵتەنگی و ناخۆشی...هتد(Ekman، ١٩٧٠، ١٥٦).

**٢-زمانی جەستەی فێرکراو(تایبەت):** ئەمانە جوڵەی تایبەتن بە کولتورێکی دیاریکراوە و لە ڕێگەی فێربونەوە وەردەگیرێن، واتە زمانی جەستە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی تر جیاوازە(عبدالرحیم، ٢٠٢٣، ١٢٢) ئەوەی لە کولتورێکدا وەک ڕێزگرتن دادەنرێت، لەوانەیە لە کولتورێکی تردا وەک بێڕێزی تەماشا بکرێت.

**٣-زمانی جەستەی ئاماژەیی:** سیستمێکی تەواو و ڕێکخراوە، کە تایبەتە بە کەسانی نابیست و لاڵ، ئەم زمانە ڕێزمان و فەرهەنگی تەواوی هەیە، دەتوانێت هەمو بیروڕایەکی ئاڵۆز دەربڕێت، زمانی ئاماژە و زمانی جەستە دو چەمکی جیاوازن. زمانی جەستە وەک یارمەتیدەرێک لەگەڵ زمانی قسەکردندا بەکاردێت، ((ئەم زمانانە سروشتین و دروستکراون و نەبەستراون بە زمانە درکاوەکانی دورەپەرتوە نابیست و لاڵ بەکاریاندەهێنی و وەک زمانی یەکەم وەردەگیری))(معین، ٢٠١٥، ٩) کەواتە زمانی جەستە بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکان و بەشێکی گرنگە لە گەیاندنی پەیامەکان، بەڵام زمانی ئاماژە خۆی زمانێکی سەربەخۆیە، کە لەلایەن کەسانی نابیست و کەڕ و لاڵەوە لە سەرانسەری جیهاندا بۆ گفتوگۆکردن بەکاردەهێنرێت.

**١-٢پێکهاتە سەرەکییەکانی زمانی جەستە:**

زمانی جەستە لە چەندین توخمی سەرەکیی پێکدێت، کە هەر یەکەیان لێکدانەوە و واتای تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

**١-جوڵەی دەست و پەنجە:** ئەمانە ئامرازێکی گرنگی پەیوەندیکردنی نازارەکین، دەتوانن واتای ورد و تەواو بگەیەنن. لە کولتورە جیاوازەکاندا واتای جیاجیایان هەیە دەتوانن واتاکان ڕونبکەنەوە، جەخت لەسەر قسەکان بکەنەوە، یان تەنانەت بە تەنها پەیامێکی تەواو بگەیەنن، کەواتە دەست و پەنجەکان توانایان هەیە چەندین واتای جیاواز بگەیەنن، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆنمونە، بەرزکردنەوەی دەست واتای سڵاوکردن، یان ڕێزگرتن دەگەیەنێت، لەکاتێکدا دانانی دەست لەسەر دڵ نیشانەی ڕاستگۆیی، یان بەڵێندانە(مامە، ٢٠٢١، ١٠٦-١١٠).

**٢-دەربڕینی ڕوخسار:** ڕوخسار یەکێکە لە بەهێزترین ئامرازەکانی گەیاندنی هەستەکان، دەربڕینەکانی وەک زەردەخەنە، گرژبونی ڕوخسار، یاخود برۆ گرژکردن، هەمو ئەمانە واتای جیاوازییان هەیە و پەیامی ڕون لەبارەی دڵخۆشی، نارەزایی

و تورەییەوە دەنێرن، ئەم دەربڕینانە زۆرجار پێش قسەکردن دەردەکەون و هەستە ڕاستەقینەکان ئاشکرا دەکەن(ئەحمەد، عەزیز، محمد، ٢٠٢٤، ٤٥٨).

**٣-هەڵسوکەوتی چاو:** چاوەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەیوەندیی نازارەکیدا هەیە. کەواتە چاو یەکێکی دیکەیە لە گرنگترین بەشەکانی زمانی جەستە، بۆ گوزارشتکردن و گەیاندنی چەندین پەیام و مەبەستی جیاواز و تایبەت لە نێوان قسەکەر و گوێگر، هەمو ئەمانە پەیامی جیاوازییان هەیە و کاریگەریی لەسەر وردبینی پەیوەندیەکە دەبێت شێوازی سەیرکردن دەتوانێت زۆر شت لەبارەی متمانە، گرنگیدان، یان دڵەڕاوکێوە بدرکێنێت(ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٧٠)، نمونە :سەیرکردنی ڕاستەوخۆی چاوی کەسی بەرامبەر نیشانەی متمانە و گرنگیدانە، بەڵام خۆدزینەوە لە سەیرکردن لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ شەرمنی، ناڕەحەتی، یان شاردنەوەی شتێک.

**٤-جوڵەی جەستە:** شێوەی ڕاوەستان، دانیشتن، و جوڵەی گشتیی جەستە، ئەو مەودایەی، کە لە کاتی قسەکردندا لە نێوان دو کەسدا دەتوانێت دۆخی دەرونی، هەڵوێستی کۆمەڵایەتی، و مەبەستەکان ڕونبکاتەوە، بۆ نمونە، ڕاوەستانی ڕاست و بەرز نیشانەی متمانە بەخۆبونە، لەکاتێکدا شۆڕبونەوە و خۆبچوککردنەوە دەتوانێت نیشانەی ترس، یان شەرمەزاری بێت(صالح، ٢٠٢٠، ٢٣٢).

بە شێوەیەکی گشتیی بەشێکی زۆری ئەندامانی جەستە بەشداریی لە پەیوەندیکردن لە نێوان قسەکەر و گوێگر دەکەن، بەڵام ئەو ئەندامانەی، کە زیاتر بەکاردێن لە کاتی ئاخاوتندا، بریتین لە: (جوڵەی سەر، چاوەکان، جوڵەی دەست و پێ، چۆنیەتیی دانیشتن و ڕاوەستان...هتد). ئەو هۆکارانەی، کە جەستە گوزارشتیان لێدەکات، زۆرن و جۆراوجۆرن، کە دەتوانن هەر یەکێك لەمانە کردەیەك ئەنجامبدات.

### ١-٣ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زمانی جەستە

زمانی جەستە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گرنگی هەیە کە وای لێدەکات ببێتە بەشێکی دانەبڕاو و کاریگەر لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەماندا. لێرەدا بە چەند خاڵێک ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەکەین:

١- **زمانێکی بێ وشەیە**: زمانی جەستە جۆرێکە لە پەیوەندی نازارەکی، کە وشەی تێدا بەکارنایەت، بەڵکو لە ڕێگەی جوڵەی ئەندامەکانی لەش وەک دەربڕینی ڕوخسار، جوڵەی چاو، دەست و شێوازی وەستان، پەیامەکان دەگوازرێنەوە(ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٢٢).

٢- **دەربڕی هەستە ڕاستەقینەکانە**: زۆرجار مرۆڤەکان کەمتر کۆنترۆڵیان بەسەر زمانی جەستەیاندا هەیە بە بەراورد بە قسەکانیان، بۆیە ئەم زمانە دەتوانێت هەست و نیازی ڕاستەقینەی کەسەکان ئاشکرا بکات، وەک دڵخۆشی، ترس، دڵەڕاوکێ و متمانەبەخۆبون(مامە، ٢٠٢١، ٩٩).

٣- **ئابوریکردن لە کات و وشەدا**: یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمانی جەستە ئەوەیە کە پەیامەکان بە خێرایی و کاریگەرییەکی زۆرەوە دەگەیەنێت، زۆرجار یەک ئاماژە یان جوڵەیەکی سادە دەتوانێت شوێنی چەندین وشە و ڕستە بگرێتەوە و بەمەش کات و ماندوبون کەم دەکاتەوە. بۆ نمونە، زەردەخەنەیەک دەتوانێت ڕەزامەندی بگەیەنێت و گرژبونی ڕوخساریش ئاماژەیە بۆ ناڕەزایی.

٤- **تەواوکەری زمانی قسەکردنە**: زمانی جەستە بەشێکی گرنگە لە پەیوەندییەکان و زۆرجار تەواوکەری ئەو پەیامە زارەکییانەیە کە دەیانگەیەنین. بەپێی هەندێک لێکۆڵینەوە، زمانی جەستە لە ٦٠٪ بۆ ٧٠٪ی کۆی پەیوەندییەکان پێکدەهێنێت(صالح، ٢٠٢٠، ١٨٦).

**٥- پێویستی بە لێکدانەوەی گشتگیر هەیە**: یەکێک لە هەڵە باوەکان لە تێگەیشتنی زمانی جەستەدا، لێکدانەوەی یەک جوڵەیە بە تەنها. بۆ تێگەیشتنێکی دروست، پێویستە کۆمەڵێک جوڵە پێکەوە لەگەڵ بارودۆخی گشتیی گفتوگۆکەدا لێکبدرێنەوە(مامە،٢٠٢١، ١٠١).

**٦- جیاوازیی کولتوری**: لێکدانەوەی جوڵە و ئاماژەکان لەوانەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یان لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی دیکە جیاواز بێت.

### ١-٤ کردە قسەییەکان(Speech Acts)

### ١-٤-١ پێناسە و مێژوی کردە قسەییەکان

کردە قسەییەکان یەکێکە لە گرنگترین تیۆرەکانی فەلسەفەی زمان و پراگماتیک. ئەم تیۆرە بۆچونی نوێی خستەڕو، کە قسەکردن تەنها گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو ئەنجامدانی کردەوەشە، واتە ((بۆچونێکە قسەکردن بە ئەنجامدانی کارێك دادەنێت)) (تۆفیق، ١٩٩٥، ٣٨).

هەروەها سەبارەت بە کردەی قسەیی ئۆستن ئاماژە بەوە دەکات، کە ( کردەی قسەیی دەکرێت یەك وشە بێت، وەك : ببورە، یاخود دەکرێ ڕستەیەك بێت، وەك : داوای لێبوردن دەکەم، کە دواکەوتم .کتێبەکەی تۆم لەبیر کرد...هتد)(محمدمستەفا، ٢٠٢٠، ٩٨).

سەرنجی سەرەکیی ئۆستن ئەوە بو، کە هەندێک دەربڕین هەن، کاتێک دەگوترێن، کردەوەیەک ئەنجامدەدەن، کەواتە ((کردە قسەییەکان : بریتییە لە کرداری گوتنی شتێك، کە مەبەست لە کردارەکە گوتنەکەیە))(حلیمە، ٢٠١٨، ٢٨ )یاخود، بریتییە لە ( ڕاپەڕاندنی کارەکان بە قسە، واتە لە نەبونەوە دەیهێنینە بون بەگوێرەی بارودۆخ و ئەو کاتەی قسەکەی تێدادەکرێت)(مدور، ٢٠١٤، ٣٩) .

ئۆستن جیاوازی لە نێوان دو بەکارهێنانی زمان کرد: بەکارهێنانی ئاسایی و نائاسایی، وەک ئەو بەکارهێنانەی کە لە ئەدەبیات و هونەردا پیادە دەکرێت(دزەیی، ٢٠١٤، ٨١)، ئۆستن پێیوایە قسەکەر لە دەربرینەکانیدا سێ کردەی ئەنجامدەدات:

**١- کردەی دەربڕین (Locutionary Act):** ئەمەش گوتنی وشەکان بە واتای فەرهەنگی و ڕێزمانییانەوەیە. ئەم کردەیە پەیوەستە بە دروستکردنی دەنگ، وشە و ڕستە بە شێوەیەکی ڕێزمانی ڕاست، واتە خودی گوتنی وشەکان، مەرجە و دەبێت قسەکەرو گوێگر بەیەك زمان قسەبەکەن، یان ئەو زمانەی قسەکەر بەکاری دەهێنێت، لایەنی کەم گوێگر تێبگات(تۆفیق، ١٩٩٥، ٥١-٥٢).

**٢- کردەی مەبەست (Illocutionary Act):** ئەمەش ئەوکردەوەیەیە، کە بە گوتنی ڕستەکە ئەنجامدەدرێت، ئەمە ناوکی تیۆرییەکەی (ئۆستن)ە و مەبەست لێی ئەو کردارەیە، کە قسەکەر لەکاتی قسەکردندا ئەنجامیدەدات، وەک (بەڵێندان، فەرمانکردن، داوای لێبوردنکردن، ...هتد) واتە ئەو کاریگەرییەی قسەکەر دەیەوێت دروستیبکات(فەتاح، ٢٠١٠، ٢٠٨).

٣- **کردەی پاشکار (Perlocutionary Act):** ئەمەش ئەوکاریگەرییەیە کە گوتنەکە لە سەر وەرگر دروستی دەکات، وەک ڕازیکردن، ترساندن، شەرمەزارکردن، یان دڵخۆشکردن(دزەیی، ٢٠١٤، ٨٣).

### ١-٤-٢ جۆرەکانی کردە قسەییەکان

بەشێوەیەکی گشتیی کردە قسییەکان دەبنە دو جۆر، ئەوانیش بریتین لە:

**١- كردەی قسەیی ئاشكرا:** یەكێك لە جۆری كردە قسەییەكان دەربڕینە ئاشكراكانە، واتە ئەو دەربڕینانەی بەشێوەیەكی ئاشكرا و ڕون واتاكانیان بەدەستەوە دەدەن، هیچ لایەنی نارونی تێدا نییە و بەشێوەیەكی ئاشكرا مەبەست، یاخود ئامانجەكەی بەدەستەوە دەدات، كردەی ڕودان و ڕاپەراندنی تێدایە(فەتاح، ٢٠١٠، ٢٠٩)، وەكو: (كتێبەكەم بدێیە) لێرەدا قسەكە بە شێوەیەكی ئاشكرا و ڕاستەوخۆ داوا لە گوێگر دەكات، كە كتێبەكەی پێبدات.

**٢-كردەی قسەیی شاراوە:** كردەی شاراوە لێرەدا قسەكەر بەشێوەیەكی ئاشكرا مەبەست، یاخود ئامانجەكەی نادات بەدەستەوە و ڕاستەوخۆ دەرینابڕێت، بەڵكو بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەكات(دزەیی، ٢٠١٤، ٨٩)، بۆ نمونە لە ڕستەیەكی وەكو : (دەستت دەگاتە ئەو كتێبەكە؟) لێرەدا قسەكەر بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ داوا لە گوێگر دەكات، كە كتێبەكەی پێ بدات، گوێگریش لە مەبەستەكەی تێدەگات.

**١-٤-٣پۆلێنكردنی كردە قسەییەكان:**

كردە قسەییەكانیش وەكو هەمو بابەتەكانی تر چەند جۆرێك دەگرێتەوەو چەند پۆلێنێكی جیاوازی بۆ كراوە، بەڵام ئەوەی لە توێژینەوەكەدا ئاماژەی پێدەكەین، پۆلینكردنەكەی (ئۆستن)ە، لەمبارەیەوە ئۆستن لە كتێبەكەیدا ئاماژە بە پۆلینی كردەكان دەكات و تێیدا(پێنج جۆر كردە دەستنیشان دەكات، هەرچەندە پێیوایە كردە قسەییەكان زۆر زیاتر لەو پۆلینە دەگرێتەوە و فراوانترە(Austin، 1962، 150)، ئەوانیش بریتین لە:

**١. كردەی سەپاندنی یاسا:** ئەم كردارانە بڕیاردان و حوكمدان لەخۆدەگرن، كە لەلایەن كەسێكەوە دەردەكرێت، دەسەڵاتێكی دیاریكراوی هەیە، وەک دادوەر، ناوبژیوان، یان لیژنەی هەڵسەنگاندن. نمونەكانی بریتین لە: (تاوانباركردن، بێتاوان ناساندن، هەڵسەنگاندن، پلەبەندی كردن، ...هتد).

**٢. كردەی بڕیاردان:** ئەمانە كردارگەلێكن، كە دەسەڵات، ماف، یان كاریگەرییەک جێبەجێدەكەن، بڕیارەكان لێرەدا زیاتر ئاراستەی داهاتو دەكەن و دۆخێک دەگۆڕن، وەك: (فەرمانكردن، مۆڵەتدان، ئامۆژگاریكردن، ڕەتكردنەوە، دەستنیشانكردن، ...هتد).

**٣. كردەی پەیماندان:** ئەم جۆرە كردارە قسەكەر پابەند بە ئەنجامدانی كارێک لە داهاتودا دەكات. بە واتایەكی تر، قسەكەر خۆی دەخاتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە. وەك: (بەڵێندان، سوێندخواردن، گرێبەستكردن، گەرەنتیكردن ...هتد)(مەحمود، ٢٠٠٩، ٤٤).

٤. **كردەی ڕەوشت:** ئەم كردارانە پەیوەستن بە هەڵسوكەوت و دابونەریتی كۆمەڵایەتییەوە و كاردانەوەی قسەكەر بەرامبەر بە ڕەفتار، یان بارودۆخی كەسانی تر دەردەبڕن. وەك: (سوپاسكردن، داوای لێبوردنكردن، پیرۆزباییكردن، هاوخەمی دەربڕین...هتد).

٥. **كردەی ڕونكردنەوە:** ئەم كردارانە لە ڕونكردنەوەی تێروانینی بیروڕا بۆ ڕێكخستنی بیرۆكەكان و ڕونكردنەوەی چۆنیەتی بەكارهێنانی وشەكان پەیوەستن. ئەمانە زیاتر ڕێگایەک نیشاندەدەن كە وتەكانی تر چۆن دەبێت لێكبدرێنەوە، وەك: (ڕازیبون، ڕازینەبون، گومانكردن، ڕەتكردنەوە،...هتد)(دزەیی، ٢٠١٤، ٨٤).

**بەشی دوەم: شیكردنەوەی زمانی جەستە بەپێی تیۆریی كردە قسەییەكان**


**١-٢سەرەتا:**

تیۆریی کردە قسەییەکان، کە لەلایەن (ئۆستن)ەوە بناغەی دانرا و لەلایەن (سێرڵ)ەوە پەرەیپێدرا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە وتەکان تەنها بۆ وەسفکردنی واقیع نین، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی کردارن، لێرەدا چۆنیەتی شیکردنەوەی زمانی جەستە بەپێی سێ ئاستەکەی کردە قسەییەکان ڕوندەکەینەوە: ئەم توێژینەوەیە ئەم چەمکانە بەسەر جوڵە جەستەییەکاندا جێبەجێدەکات و دەیخاتەڕوو، کە چۆن ئاماژەیەکی جەستەیی دەتوانێت هەرسێ ئاستەکە لەخۆبگرێت، هەروەها لەبڕی (کردەی وتەیی)جوڵەی جەستەی بەکارهاتوە، بۆ شیکردنەوەکە، بۆ شیکردنەوەی دروست و زانستییانەی زمانی جەستە بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان، پێویستە سەرەتا لە چەند بنەما و پرنسیپێکی بنەڕەتی ئاگادار بین:

زمانی جەستە، نەک تەنها جوڵەیەکی ساکار، یان بێ مەبەستە، بەڵکو سیستەمێکی تەواو لە پەیوەندیکردنە، خاوەن تایبەتمەندیی و یاساکانی تایبەت بە خۆیەتی. بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان، هەر جوڵەیەکی جەستەیی دەتوانرێت وەک (کردەیەک) تەماشا بکرێت، کە مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە و کاریگەرییەکی دەستنیشانکراوی لەسەر وەرگر دروستدەکات، هەروەها هەر جوڵەیەک لە کولتور و ژینگەیەکی(دەوروبەر) جیاوازدا ڕەنگە واتا و کاریگەریی جیاوازی هەبێت، توێژینەوەکە هەوڵدەدات پەیوەندییەکی سیستماتیک لەنێوان پراگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی و تیۆریی کردە قسەییەکاندا دابمەزرێنێت، بەم شێوەیە، زمانی جەستە وەک سیستمێکی تەواو لە کردە قسەییەکان شیدەکرێتەوە کە توانای ئەنجامدانی هەمان ئەرکەکانی: (بڕیاردان، ڕەوشتن، سەپاندنی یاسایی، پەیماندان، ڕونکردنەوە) پۆلینکردنی ئۆستن بۆ کردە قسەییەکان هەیە، بە هەمانشێوە، جوڵە جەستەییەکان و ئاماژە نازمانییەکان (زمانی جەستە) دەتوانرێت وەک "کردە" سەیر بکرێن، کە مەبەست و کاریگەریی دیاریکراویان هەیە.

### ٢-٢شیکردنەوەی زمانی جەستە بە پێی تیوریی کردەقسییەکان:

لێرەدا هەوڵدەدەین جوڵەکانی جەستە وەک لە خوارەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەپێی ئەم تیۆرییە شیکاریی بۆ بکەین:



وێنەی ژمارە (١)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان:**

**ئاماژەی پەنجە** : دیارترین جوڵە لە وێنەکەدا ئاراستەکردنی پەنجەی شایەتمانە بەرەو کەسێک، یان شتێک، ئەم جوڵەیە لەمەدا زۆر هێرشبەرانە و زاڵە.

**ڕوخسار:**

**برۆکان**: برۆکانی بە توندیی گرژ کردوە و بەرەو خوار هێناویەتی، کە نیشانەیەکی کلاسیکی توڕەیی و نارەزایەتییە.

**چاوەکان:** چاوەکانی بچوک بونەتەوە و تەرکیزیان لەسەر ئامانجەکەیە، کە نیشانەی جدییەت و توڕەییەکی زۆرە.

**دەم**: دەمی کراوەتەوە و ددانەکانی دیارن، وەک ئەوەی لە کاتی هاوارکردن، یان قسەکردنی تونددا بێت، ئەمە گرژی و توڕەییەکەی زیاتر دەکات.

**ئاڕاستەی جەستە :** جەستە و سەری بە تەواوی ئاڕاستەی ئەو شوێنە کراوە، کە پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە هەمو سەرنج و وزەی خۆی خستوەتە سەر ئەو ئامانجە.

**٢-شیکردنەوەی کردەکە:**

-کردەی جوڵەی جەستە: ڕاکێشانی دەست و درێژکردنی پەنجەی شایەتمان، لەگەڵ گرژکردنی ماسولکەکانی ڕوخسار بۆ نیشاندانی توڕەیی.

**-کردەی مەبەستی**:(Illocutionary Act): ئەمە کردەیەکی ئاراستەکەر و سەپاندنی یاسایە مەبەست لەم جوڵەیە زۆر ڕون و ڕاستەوخۆیە:

- **تۆمەتبارکردن :** ئەمە خەتای تۆیە، یان تۆ ئەو کارەت کرد.
- **فەرماندان :** برۆ دەرەوە، یان ئەو کارە بکە.
- **هەڕەشەکردن :** ئاگاداربە، یان جارێکی تر دوبارەی نەکەیتەوە.
- **ناڕەزایەتی دەربڕین**: من بەمە ڕازی نیم.

ئامانج لێی سەپاندنی دەسەڵات و گەیاندنی پەیامێکی توندە بەبێ سازش.

**-کردەی کاریگەریی**:(Perlocutionary Act) ئەم جوڵەیە کاریگەرییەکی دەرونی بەهێز، زۆرجار نەرێنی لەسەر کەسی بەرانبەر دروستدەکات:

- **وروژاندنی هەستی تاوان:** وا لە کەسی بەرانبەر دەکات هەست بە تاوان، یان شەرمەزاری بکات.
- **وروژاندنی هەستی بەرگریی**: دەکرێت کەسی بەرانبەر بکەوێتە دۆخی بەرگریی لەخۆکردن و هەوڵی پاساو هێنانەوە بدات.
- **ترساندن و ملکەچکردن:** زۆرجار ئامانج لێی ترساندنی بەرانبەرە، بۆ ئەوەی ملکەچی داواکارییەکەی ببێت.
- **وروژاندنی توڕەیی بەرانبەر:** ئەگەر کەسی بەرانبەر ئەم جوڵەیە بە سوکایەتی بزانێت، دەکرێت ئەویش توڕە ببێت و دۆخەکە گرژتر بێت.



وێنەی ژمارە (٢)

١-**وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان** : دانانی پەنجەی شایەتمان بە شێوەی ستونی لەسەر لێوەکان، دەموچاوی نیشانەی سەرنج، یان داواکاری بێدەنگی پێوە دیارە، چاوەکانی ڕاستەوخۆ سەیری پێشەوە دەکەن.

٢- -**شیکردنەوەی کردەکە**: **کردەی جوڵەی جەستە**: **دانانی پەنجەی شایەتمان لەسەر لێو :** پەنجەیەکی دەست لەسەر ناوەڕاستی لێوەکان دانراوە.

- **جوڵەی دەموچاو:** چاوەکانی کراوەن و ڕاستەوخۆ سەیری پێشەوە دەکەن، دەربڕینەکەی سەرنجدان نیشاندەدات، برۆکانی نە بەرزکراونەتەوە و نە شۆڕکراونەتەوە، ئەمەش نیشانەی سەرنجی ڕاستەوخۆ و بێ لایەنییە.

**-کردەی مەبەستی (Illocutionary Act):** کردەیەکی ئاڕاستەکەری زۆر ڕونە، بە واتای بێدەنگ بە، یان هێمن بە، فەرمانێکە بۆ وەستاندنی قسەکردن، یان ئاگادارکردنەوەیە، یان هەڕەشەکردنە، بەمشێوەیە:

- **داواکردنی بێدەنگی، یان ئارامی:** مەبەستی سەرەکی ئەوەیە بڵێت بێدەنگ بە، قسەمەکە، یان هێمن بە، ئەمە گوزارشتێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بێدەنگکردن.
- **دەرخستنی نهێنی، یان شاردنەوە:** دەتوانێت واتای ئەمە نهێنییەکە، لەم بارەیەوە قسەمەکە، یان کەس نایزانێت بگەیەنێت، دەربڕینی دەموچاوی سەرنجدار، بەم مەبەستە دەبەخشێت.
- **داواکردنی سەرنجدان و گوێگرتن بە بێدەنگی:** لە هەندێک حاڵەتدا، بەتایبەتی کاتێک شتێکی گرنگ دەوترێت، یان ڕوودەدات، ئەم جوڵەیە داوا دەکات، کە خەڵک بێدەنگ بن و سەرنج بدەن.
- **نیشانەی ئاگادارکردنەوە:** دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ئاگادار بە، دەنگی بەرز مەکە، چونکە دەتوانێت کێشە دروستبکات، یان کەسێک بێزار بکات.
- **دەکرێت هەڕەشەکردن بێت.**

**-کردەی کاریگەریی (Perlocutionary Act):**

- **تێگەیشتن لە داواکاریی بێدەنگی:** وەرگر دەستبەجێ تێدەگات، کە داوا دەکرێت بێدەنگ بێت، یان قسە نەکات.
- **هەستکردن بە گرنگیی و بایەخدانی دۆخەکە:** دەربڕینی دەموچاوە و بایەخدان، وا لە وەرگر دەکات هەستبکات، کە بابەتەکە گرنگە و پێویستی بە بێدەنگی و ڕێزگرتن هەیە.
- **کارکردن بە داواکارییەکە:** وەرگر بە گشتی وەڵامی ئەم جوڵەیە دەداتەوە بە بێدەنگبون، یان کەمکردنەوەی دەنگ، چونکە مەبەستەکە زۆر ڕونە.
- **هەستکردن بە پێویستیی پاراستنی نهێنی:** ئەگەر دۆخەکە نهێنییەکی لەخۆ گرتبێت، وەرگر هەست بەوە دەکات، کە پێویستە نهێنییەکە بپارێزێت.
- **ترس و نیگەرانی**




وێنەی ژمارە (٣)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان** : پێکدادانی لەپی هەردو دەست بە شێوەیەکی دوبارە و بەخێرایی.

٢-**شیکردنەوەی کردەکە**: **کردەی جوڵەی جەستە**: کردەی فیزیایی پێکدادانی دەستەکان.

**-کردەی مەبەستی (Illocutionary Act):** کردەیەکی دەربڕینی باوە بۆ نیشاندانی ستایش، پێزانین، پیرۆزبایی، یان خۆشی.

**-کردەی کاریگەریی (Perlocutionary Act):** کەسی نمایشکار، یان قسەکەر هەست بە ڕێز و هاندان دەکات.




وێنەی ژمارە (٤)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان** : ئاڵاندنی قۆڵەکان بە دەوری جەستەی کەسێکی تردا.

**٢-شیکردنەوەی کردەکە**: کردەی جوڵەی جەستە: کردەی فیزیایی ئاڵاندنی قۆڵەکان بە دەوری یەکتردا(باوەشکردن، خۆشەویستی، نزیکی پەیوەندی، دۆستایەتی).

-**کردەی مەبەستی (Illocutionary Act):** کردەیەکی دەربڕینی بەهێزە بۆ گەیاندنی هەستی خۆشەویستی، هاوسۆزی، دڵدانەوە، یان پیرۆزبایی.

-**کردەی کاریگەریی (Perlocutionary Act):** کەسی بەرانبەر هەست بە ئارامی، ئاسودەیی، دڵخۆشی و پەیوەندییەکی سۆزداریی بەهێز دەکات.



وێنەی ژمارە (٥)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان:** بەرزکردنەوەی هەردو شان بە خێرایی، پاشان داگرتنەوەیان، کە زۆرجار لەگەڵ بەرزکردنەوەی لەپی دەستەکان و برۆکاندا دەبێت.

- **٢-شیکردنەوەی کردەکە: کردەی جوڵەی جەستە:**
- کردەی فیزیایی بەرزکردنەوە و داگرتنەوەی شانەکان(شان هەڵتەکاندن).
- **کردنەوەی لەپی دەستەکان:** لەپی دەستەکان کراوەن.
- **جوڵەی دەموچاو و برۆکان:** برۆکانی بەرز کردوەتەوە و دەموچاوی نیشانەی گومان، یان پرسیاری پێوە دیارە.

-**کردەی مەبەستی (Illocutionary Act):**

- **کردەیەکی ڕونکەرەوەیە** بۆ گەیاندنی پەیامی (من نازانم، بۆ من گرنگ نییە، یان دڵنیا نیم) قسەکەر لێرەدا زانیارییەک دەربارەی دۆخی نەزانینی خۆی دەدات.
- **دەرخستنی سەرلێشێواوی یان گومان:** نیشانەی ئەوەیە کە کەسەکە تێناگات چی ڕودەدات، یان بڕوای بە وەڵامێک نییە.
- **دەربڕینی بێدەسەڵاتی:** هەندێکجار دەتوانێت واتای ناتوانم هیچ شتێک بکەم، یان ئەوە لە دەسەڵاتی مندا نییە بگەیەنێت.
- **مەبەستی پرسیارکردن (ناڕاستەوخۆ):** دەتوانێت وەک پرسیارێکی ناڕاستەوخۆ بێت، چی دەکەم، یان چ شتێک ڕویداوە؟.

**-کردەی کاریگەریی (Perlocutionary Act):** وەرگر تێدەگات، کە قسەکەر وەڵامی پرسیارەکەی نازانێت، یان نایەوێت تێوەبگلێت، بۆیە واز لە پرسیارکردن دەهێنێت، یان ڕو لە کەسێکی تر دەکات.

- **هەستکردن بە هاوسۆزی یان سەرلێشێواویی هاوبەش:** ئەگەر وەرگر خۆشی وەڵامەکەی نەزانێت، لەوانەیە هەست بە هاوسۆزی بکات.
- **هاندان بۆ ڕونکردنەوە :**کاریگەرییەکەی دەتوانێت ئەوە بێت، کە وەرگر هەوڵبدات وەڵامێک بداتەوە، یان ڕونکردنەوەیەک پێشکەشبکات.
- **دروستکردنی بڕوا بە بێئاگایی:** وەرگر بڕوا بەوە دەکات، کە کەسەکە بە ڕاستی نازانێت، چونکە ئەمە جوڵەیەکی جیهانییە بۆ دەربڕینی بێئاگایی.



وێنەی ژمارە (٦)

١-**وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان:** کەسێک دەستی ڕاستی بەرزکردوەتەوە بە شێوەیەک کە لەپی دەستی ڕووەو بەرانبەرە و پەنجەکانی کراوەنەتەوە. ئەمە جوڵەی ناسراوی دەست هەڵبڕینە.

٢-**شیکردنەوەی کردەکە: کردەی جوڵەی جەستە:** بەرزکردنەوەی دەست بە لەپێکی کراوەوە.

**-کردەی مەبەستی:(Illocutionary Act):** ئەمە کردەیەکی ڕەوشتە، چونکە یەکێکە لە باوترین هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانە، مەبەستی سەرەکیی لێی دەربڕینی یەکێک لەم پەیامانەیە:

**سڵاوکردن:** بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، یان دانان بە ئامادەبونی کەسێکدا.

**ماڵئاوایی(خوات لەگەڵ):** بۆ کۆتاییهێنان بە دیدارێک.

**من لێرەم:** بۆ ئاگادارکردنەوە، یان ڕاکێشانی سەرنجی کەسێک لە دورەوە.

**-کردەی کاریگەریی:(Perlocutionary Act):** کاریگەرییەکەی لەسەر کەسی بەرانبەر (وەرگر) ئەوەیە کە:

هەست بەوە دەکات، کە سڵاوی لێکراوە، یان ماڵئاوایی لێکراوە.

هەست بە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی و دۆستانە دەکات.

زۆرجار پاڵی پێوە دەنێت کە بە هەمان شێوە وەڵام بداتەوە (بۆ نمونە: بە دەست هەڵبڕینەوە، یان بە زارەکی سڵاو بکات).

ئەم جوڵەیە دەتوانێت گفتوگۆیەک دەستپێبکات، یان بە شێوەیەکی دۆستانە کۆتایی پێ بهێنێت.



وێنەی ژمارە (٧)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان:** پیاوێک بە ڕوخسارێکی غەمگین و بێچارەوە وەستاوە و هەردو گیرفانی پانتۆڵەکەی هەڵگێڕاوەتەوە بۆ دەرەوە، بۆ ئەوەی نیشانیبدات، کە بەتاڵن. شانەکانی کەمێک شۆڕ بونەتەوە، کە نیشانەی بێهیواییە.

**٢-شیکردنەوەی کردەکە: کردەی جوڵەی جەستە:** هەڵگێڕانەوەی گیرفانەکان بۆ دەرەوە، دەموچاوی خەمبار و شۆڕبونەوەی شانەکان.

**-کردەی مەبەستی:(Illocutionary Act):** ئەمە کردەیەکی ڕونکردنەوەیە (Expositive) چونکە حاڵەتێک، یان ڕاستییەک دەربارەی دۆخی دارایی خۆی ڕوندەکاتەوە، پەیامە مەبەستدارەکەی زۆر ڕاستەوخۆیە:

- **دەرخستنی هەژاری یان بێپارەیی:** مەبەستی سەرەکی لە دەرخستنی گیرفانە بەتاڵەکان ئەوەیە بڵێت پارەم پێ نییە، یان هەژارم، ئەمە زۆرجار وەک گوزارشتێک بەکاردێت بۆ نەبونی توانای دارایی.
- **دەربڕینی بێهیوایی یان دڵگرانی لە دۆخێکی دارایی:** دەموچاوی خەمبار و شۆڕبونەوەی شانەکان، مەبەستێک دەگەیەنێت، کە نیشانەی نائومێدی و دڵگرانییە بەهۆی ئەم دۆخە داراییەوە.
- **داواکردنی هاوکاری (بەمەبەستی ناڕاستەوخۆ):** لە هەندێک دەوروبەردا، ئەم جوڵەیە دەتوانێت مەبەستێکی ناڕاستەوخۆی هەبێت، بۆ داواکردنی هاوکاری، یان هاوسۆزی لەلایەن کەسانی دیکەوە.
- **گوزارشتکردن لە شکستی دارایی:** دەتوانێت نیشانەی شکست یان قەیرانێکی دارایی بێت.

**-کردەی کاریگەریی:(Perlocutionary Act):** کاریگەریی ئەم جوڵەیە لەسەر کەسی بەرانبەر (وەرگر) بەپێی دۆخەکە دەگۆڕێت:

- وەرگر لە دۆخی دارایی خراپی ئەو کەسە تێدەگات.
- ئەگەر داوای پارەی لێکردبێت، تێدەگات، کە داواکارییەکەی ڕەتکراوەتەوە.
- ڕەنگە هەستی بەزەیی، یان هاوسۆزیی لای وەرگر بجوڵێنێت.
- دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرانبەر واز لە داواکارییەکەی بهێنێت، یان تەنانەت پێشنیاری یارمەتی بکات.
- لێکدانەوەی بێهیوایی: وەرگر تێدەگات، کە پیاوەکە هەست بە بێهیوایی، یان نائومێدی دەکات لە دۆخەکەیدا.



وێنەی ژمارە (٨)

١-**وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان**: کەسێک دەستی بە شێوەی قوچەک لە پشت گوێی داناوە، ڕوخساری تێنەگەیشتنی پێوە دیارە و دەردەکەوێت، یان هەوڵی گوێگرتن دەدات.

- **٢-شیکردنەوەی کردەکە: کردەی جوڵەی جەستە**: دانانی دەست بە شێوەی قوچەک لە پشت گوێ، **جوڵەی دەموچاو** :بەرز کردنەوەی برۆکان و **کردنەوەی دەم.**
- **-کردەی مەبەستی**:(Illocutionary Act) ئەمە کردەیەکی بڕیاردانە، چونکە داواکارییەکە ئاڕاستەی کەسی بەرانبەر بۆ ئەنجامدانی کردارێک دەکات، پەیامە مەبەستدارەکەی بریتییە لە:

- **دەرخستنی نابیستن یان لاوازیی بیستن :**مەبەستی سەرەکی لە دانانی دەست لەسەر گوێ ئەوەیە بڵێت گوێم لێت نابێت، قسەکانت ڕون نین، یان دەنگەکە نایەت.
- **داواکردنی دوبارەکردنەوە یان ڕونکردنەوە:** بەپێ دەقیش، ئەم جوڵەیە بە گشتی مانای چی گوترا، یان تێناگەم، دەگەیەنێت.
- **دەرخستنی تێنەگەیشتن، یان سەرلێشێواوی:** دەموچاوە سەرلێشێواوەکە و دەمی کەمێک کراوە نیشانەی ئەوە دەدەن، کە کەسەکە تێنەگەیشتوە لەوەی کە گوتراوە، یان گوێی لێی نەبوە، یان بەپێچەوانەوە بیستنی هەواڵێکی چاوەڕێنەکراو، یان بیستنی قسەییەکی شارا و نهێنی.
- **مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری، کە نەبیستراوە:** بە گشتی مەبەست ئەوەیە، زانیارییەکە وەربگیرێتەوە، کە بەهۆی نابیستنەوە لەدەستچوە.

-**کردەی کاریگەریی:**(Perlocutionary Act) کاریگەرییەکەی لەسەر کەسی بەرانبەر(وەرگر/قسەکەر) ئەوەیە کە:

- تێدەگات، کە پەیامەکەی بە ڕونی نەگەیشتوە.
- پاڵی پێوە دەنێت، کە قسەکانی دوبارە بکاتەوە.
- زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی، کە قسەکەر دەنگی بەرز بکاتەوە، یان بە شێوازێکی ڕونتر قسە بکات.



وێنەی ژمارە (٩)

١-**وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان:** دو پیاو تەوقە دەکەن. ئەو کەسەی لەلای چەپە، دەستی چەپی خستوەتە سەر شانی کەسەکەی بەرانبەری، پیاوەکەی لای ڕاست، دەستی چەپی لەناو گیرفانیدایە، هەردوکیان زەردەخەنەیان لەسەر لێوە و سەیری یەکتر دەکەن، کە نیشانەی پەیوەندییەکی دۆستانە و ئەرێنییە.

**٢-شیکردنەوەی کردەکە: کردەی جوڵەی جەستە:**

- **تەوقەکردن:** هەردو پیاوەکە دەست لەناو دەستی یەکدیدان.
- **دانانی دەست لەسەر شان:** پیاوەکەی لای چەپ، دەستی چەپی لەسەر شانی پیاوەکەی لای ڕاست داناوە.
- **دەست لەناو گیرفان:** پیاوەکەی لای ڕاست، دەستی چەپی لەناو گیرفانی داناوە.
- **زەردەخەنە و پەیوەندی چاو:** هەردوکیان زەردەخەنەیان هەیە و سەیری یەکتر دەکەن.

-**کردەی مەبەستی:**(Illocutionary Act) ئەم جوڵە ئاوێتەیەکی بەهێزە و دەتوانێت دو جۆر کردەی مەبەستی لەخۆبگرێت:

**١-کردەی پەیماندان:** خودی تەوقەکە بەکاردێت بۆ جێگیرکردنی ڕێککەوتنێک، یان بەڵێنێک. پەیامەکەی دەتوانێت ڕێککەوتین، یان پەیمان بێت.

**٢-کردەی ڕەوشت:** دانانی دەست لەسەر شان هەست و سۆز و هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. ئەم کردارە واتاکەی قوڵتر دەکاتەوە و دەتوانێت واتای:

- پیرۆزە، شانازیت پێوە دەکەم بۆ پیرۆزبایی.

- خۆشحاڵم بە ناسینت بۆ دەربڕینی گەرموگوڕییەکی زیاتر لە سڵاوێکی ئاساییدا.
- پشتم پێت بەستوە، یان دڵنیابە بۆ دەربڕینی پشتیوانی و دڵدانەوە.

**دەست لەناو گیرفان:**

- **ئارامیی و بێ کێشە**: لە زۆر کولتوردا نیشانەی ئەوەیە، کە کەسەکە هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات، لەو دۆخەدا و کێشە نییە.
- **نافەرمی:** دۆخەکە زیاتر نافەرمییە و پێویست بە پابەندبون بە ڕێسای فەرمی ناکات.
- **کەمێک شاردنەوە یان پارێزگاری:** هەندێکجار دەکرێت نیشانەیەک بێت بۆ پارێزگارییەکی کەم، یان نیشانەی ئەوە بێت، کە کەسەکە هەمو هەستەکانی بە ئاشکرا دەرناخات، یان بێرێزی بێت، بەڵام لەم دەوروبەرەدا (لەگەڵ زەردەخەنە و تەوقە) زیاتر بۆ ئارامیی و متمانە بەخۆبون لێکدەدرێتەوە.

**زەردەخەنە و پەیوەندیی چاو:**

مەبەست: دەربڕینی دۆستایەتی، خۆشحاڵی، ڕەزامەندی، ئەرێنی، یان هەستێکی گەرموگوڕیە.

-**کردەی کاریگەری**:(Perlocutionary Act) کاریگەریی ئەم جوڵەیە لەسەر کەسی بەرانبەر (وەرگر) زۆر ئەرێنییە:

- هەست بە ڕێز، گەرموگوڕی و متمانە زیاتر دەکات.
- تێدەگات، کە پەیوەندییەکە تەنها فەرمی نییە، بەڵکو دۆستانە و کەسییشە.
- ئەگەر ڕێککەوتنێک لە ئارادابێت، هەست بە دڵنیاییەکی زیاتر سەبارەت بە جێبەجێکردنی دەکات.
- پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزتر و نزیکتر لەنێوانیاندا دروستدەکات.
- **لێکدانەوەی ئارامی و دڵنیایی:** دانانی دەست لەناو گیرفاندا وا لە وەرگر دەکات، کە پیاوەکەی بەرانبەری بە کەسێکی ئارام، دڵنیا و بێ کێشە دابنێت، ئەمەش دۆخەکە ئاسودەتر دەکات.



وێنەی ژمارە (١٠)

١-**وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان** : کەسێک دەستی بە شێوەی مۆبایلێکی کلاسیک (هاندسێت) گرتوە، بەجۆرێک پەنجە گەورەی لەلای گوێ و پەنجە بچکۆلەکەی لە نزیک دەمییەتی. ڕوخسارێکی گەش و زەردەخەنەداری هەیە، کە نیشانەی پەیوەندییەکی دۆستانەیە.

٢-**شیکردنەوەی کردەکە: کردەی جوڵەی جەستە**: شێوەکردنی دەست وەک، مۆبایل و دانانی لە تەنیشت ڕوخسار.


-**کردەی مەبەستی**:(Illocutionary Act) ئەم جوڵەیە دەتوانێت دو جۆر کردەی مەبەستی بگەیەنێت:

**١-کردەی بڕیاردان**: باوترینیانە، کاتێک ئاراستەی کەسی بەرانبەر دەکرێت، داواکارییەکە یان فەرمانێکە بە واتای: پەیوەندیم پێوە بکە، یان تەلەفۆنم بۆ بکە.

**٢-کردەی پەیماندان** :کاتێک وەک وەڵامێک بەکاردێت، دەتوانێت بەڵێنێک بێت بە واتای: پەیوەندیت پێوە دەکەم، یان قسەت لەگەڵ دەکەم.

-**کردەی کاریگەری**:(Perlocutionary Act) کاریگەرییەکەی لەسەر کەسی بەرانبەر (وەرگر) ئەوەیە کە:

- تێدەگات، کە داوای لێکراوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بکات، یان پەیوەندیی پێوە دەکرێت.
- پاڵی پێوە دەنێت، کە ژمارەی تەلەفۆن ئاڵوگۆڕ بکەن، یان پلانی پەیوەندییەکە دابنێن.
- پەیوەندییەکی دۆستانە دروستدەکات و ڕێگە بۆ گفتوگۆی داهاتو خۆش دەکات.



وێنەی ژمارە (١١)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان** :کەسێک کە جلی ناوبژیوانی لەبەردایە، بە هەردو دەستی شێوەی پیتی (T) دروستدەکات. یەکێک لە دەستەکانی بە شێوەی ئاسۆیی ڕاگرتوە و دەستەکەی تری بە شێوەی ستونی لە ژێرییەوە داناوە.

**٢-شیکردنەوەی کردەکە:** کردەی جوڵەی جەستە: دروستکردنی شێوەی پیتی (T) بە هەردو دەست.

**-کردەی مەبەستی:(Illocutionary Act)** ئەمە کردەیەکی سەپاندنی یاسایە: ناوبژیوان لێرەدا دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ دەرکردنی بڕیارێکی فەرمی، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر یارییەکە هەیە. پەیامە مەبەستدارەکەی بریتییە لە:

- کاتی پشو.
- یارییەکە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادەگیرێت.
- لە هەندێک یاری وەرزشیدا، دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ سزایەکی تەکنیکی.
- ئەمە حوکمێکە، کە دۆخی یارییەکە دەگۆڕێت و هەمو لایەنەکان دەبێت پێوەی پابەند بن

**-کردەی کاریگەریی:(Perlocutionary Act)** کاریگەرییەکەی لەسەر یاریزانان و کاتبژێرەکان یەکسانی و ڕاستەوخۆیە:

- یاریزانان لە یاریکردن دەوەستن.
- کات ژمێری فەرمی یارییەکە ڕادەگیرێت.
- ڕاهێنەران و یاریزانان کات بەدەستدەهێنن بۆ گفتوگۆکردن و دانانی پلانی نوێ.
- هەمو ئامادەبوان تێدەگەن کە پشویەک لە یارییەکەدا هەیە.



وێنەی ژمارە (١٢)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان:**

**ناوبژیوان (کەسی ناوەڕاست):** لە ناوەندی وێنەکەدا وەستاوە، کە نیشانەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەوە بەسەر دۆخەکەدا. بە دەستێک قۆڵی یەکێک لە بۆکسێنەرەکانی گرتوە و بەرزی کردوەتەوە. ئەمە جوڵەیەکی فەرمییە بۆ ڕاگەیاندنی براوە.

**یاریزانی براوە لای چەپ:** دەستی بەرزکراوە : یەکێک لە دەستەکانی لەلایەن ناوبژیوانەوە بەرزکراوەتەوە و دەستەکەی تریشی خۆی وەک نیشانەی سەرکەوتن بەرز کردوەتەوە. ئەمە باوترین نیشانەی ئاهەنگگێڕان و پیشاندانی سەرکەوتنە.

**جەستەی ڕێک:** جەستەی بە شێوەیەکی ڕێک و کراوە وەستاوە، کە نیشانەی متمانەبەخۆبون و هەستکردن بە شانازییە.

**ئاڕاستەی سەری:** سەری بەرزە و ڕوی لە پێشەوەیە، کە گوزارشت لە خۆشی و وەرگرتنی ستایشی بینەران دەکات.

**یاریزانی دۆڕاو لای ڕاست:** دەستەکانی شۆڕکردن: هەردو دەستی بە شلی لە خوارەوەن، کە نیشانەی تەسلیمبون و نەبونی وزەیە.

**شانی داخراو و سەری شۆڕ:** شانەکانی کەمێک داخراون و سەری کەمێک بەرەو خوارەوەیە. ئەم دۆخە نیشانەی هەستکردن بە شکست، بێهیوایی و شەرمەزارییە.

**٢-شیکردنەوەی کردەکە:** کردەی جوڵەی جەستە: بەرزکردنەوەی دەست، سادەی بەرزکردنەوەی دەستی یاریزانێکە لەلایەن ناوبژیوانەوە.

-**کردەی مەبەستی**:(Illocutionary Act) ئەمە کردەیەکی ڕاگەیاندن و سەپاندنی یاسایە مەبەستی ناوبژیوانەکە تەنها بەرزکردنەوەی دەستێک نییە، بەڵکو:

**ڕاگەیاندنی فەرمی براوەی یارییەکە:** پەیامە سەرەکییەکە ئەمەیە: ئەم یاریزانە براوەی یارییەکەیە.

**کۆتاییهێنان بە یارییەکە:** ئەم جوڵەیە بە فەرمی ڕایدەگەیەنێت کە ڕکابەرییەکە تەواو بوە.

**چەسپاندنی ئەنجام:** ئەمە بڕیارێکی کۆتاییە و دۆخی هەردو یاریزانەکە دەگۆڕێت؛ یەکێکیان بە فەرمی دەبێت بە پاڵەوان و ئەوی تریان بە دۆڕاو.

-**کردەی کاریگەری**:(Perlocutionary Act) ئەم جوڵەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەمو لایەنەکان هەیە:

**لەسەر یاریزانی براوە:** هەستی سەرکەوتن، خۆشی و شانازی تێدا دروستدەکات. هانی دەدات بۆ ئاهەنگگێڕان و وەرگرتنی پیرۆزبایی.

**لەسەر یاریزانی دۆڕاو**: هەستی شکست، بێزاری و ماندوێتی دەرونی تێدا دروستدەکات.

**لەسەر بینەران،** کە لە وێنەکەدا دیار نین: هاندەرانی براوەکە دڵخۆش دەکات و وا دەکات هانی بدەن، لە کاتێکدا هاندەرانی دۆڕاوەکە نیگەران دەکات.

**لەسەر خودی ڕوداوەکە:** یارییەکە بە فەرمی دادەخات و ئەنجامەکەی لە مێژوی وەرزشەکەدا تۆمار دەکات.



وێنەی ژمارە (١٣)

**١-وەسفی جوڵە و دۆخی جەستە و شیکردنەوەیان:**

**چاوەکان:** چاوەکانی بە تەواوی کراونەتەوە و گۆیی چاوی فراوان بوە، سپیایی چاوی زیاتر لە ئاسایی دەرکەوتوە. ئەمە یەکێکە لە نیشانە سەرەکییەکانی شۆک، ترس، یان سەرسوڕمانێکی زۆر.

**برۆکان:** برۆکانی بەرەو سەرەوە بەرزبونەتەوە و کەمێک چەماونەتەوە، کە ئەمەش دودڵی و ترسی ناوەوەی کارەکتەرەکە نیشاندەدات.

**دەم:** دەمی بە شێوەیەکی نیمچە باز کراوەتەوە و شێوەی بازنەیی وەرگرتوە. لێوەکانی گرژ بون، کە نیشانەی گرژیی دەرونی و شڵەژانە.

**ڕومەت و ڕوخسار:** ماسولکەکانی ڕوخساری گرژ بون، کە ئاماژەیە بۆ دۆخێکی دەرونی نائارام. ڕەنگی ڕوخساری کەمێک کاڵتر دیارە، کە لە کاتی ترسدا ڕودەدات.

**٢-شیکردنەوەی کردەکە: کردەی جوڵەی جەستە:** کرداری فیزیایی کردنەوەی چاوەکان و دەم بە شێوەیەکی فراوان، لەگەڵ بەرزکردنەوەی برۆکان.

**-کردەی مەبەستی:(Illocutionary Act)** ئەمە کردەیەکی دەربڕینە، کارەکتەرەکە هەستێکی ناوەکی بەهێز و لەناکاو دەردەبڕێت. پەیامە مەبەستدارەکەی یەکێک لەمانەیە:

- **ترس**: من ترساوم، یان شتێکی ترسناک ڕودەدات.
- **شۆك**: ناتوانم باوەڕ بکەم، یان ئەمە چی بو کە ڕویدا؟
- **سەرسوڕمانێکی نەرێنی:** چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد.
- **نیگەرانییەکی قوڵ:** خەریکە کارەساتێک ڕوبدات.
- مەبەستەکە گەیاندنی دۆخێکی دەرونیی نائاسایی و لەناکاوە، کە کارەکتەرەکە کۆنترۆڵی بەسەریدا نییە.

**-کردەی کاریگەریی:(Perlocutionary Act)** ئەم دەربڕینە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بینەر(وەرگر)، یان ئەو کەسەی بەرامبەریەتی هەیە:

- **وروژاندنی نیگەرانی:** وا لە بینەر دەکات هەست بە نیگەرانی بکات و بپرسێت، چی بوە؟ یان بۆچی وا ترساوە؟
- **وروژاندنی ئاگاداری:** ئەگەر لە دۆخێکی ڕاستەقینەدا بێت، ئەم ڕوخسارە وەک ئاگادارکردنەوەیەک کار دەکات، بۆ کەسانی چواردەوری، کە مەترسییەک لە ئارادایە.
- **گواستنەوەی هەست:** دەتوانێت هەستی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ کەسی بەرانبەر بگوازێتەوە و وای لێبکات ئەویش هەست بە شڵەژان بکات.
- **ڕاکێشانی سەرنج:** ئەم جۆرە دەربڕینە بە خێرایی سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت، چونکە نائاساییە و ئاماژەیە بۆ ڕوداوێکی گرنگ.

**٢-٣ کردەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زمانی جەستە:**

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد(ئۆستن) دو جۆر کردەی دیاریکردوە، یەکێکیان کردەقسەی ڕاستەوخۆ(ئاشکرا) بو، لەم جۆرە کردەیی مەبەست بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرا، دوەمیان کردەقسەی ناڕاستەوخۆ(شاراوە)بو، لەم جۆرەیاندا دەربرینەکان بە شێوەیەکی شاراوە مەبەستەکەیان دەگەیەنن، بەهەمان شێوەش زمانی جەستە دەتوانێت هەردو کردەی مەبەست(ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ) بگەینێت، شیبکرێتەوە، وەك:



وێنەی ژمارە (١٤)

**شیکردنەوەی تەواوی کردەکان لە (باوێشک دان)دا:**

**١-کردەی ڕاستەوخۆ :(Direct Act)** گوزارشت لە ماندوێتی، یان خەواڵویی

-**بارودۆخ** :کەسێک لە ژوری نوستنەکەیەتی و ئامادەکاری دەکات بۆ خەوتن، یان دوای ڕۆژێکی پڕ لە کاری قورس.

-**کردەی جوڵەی جەستە:** کردنەوەی دەم بە شێوەیەکی بەرفراوان، هەڵمژینی هەوایەکی قوڵ و پاشان دەرکردنەوەی, واتای ڕاستەوخۆ: من هەست بە ماندوێتی دەکەم، یان خەوم دێت.

-**کردەی مەبەست:(Illocutionary Act) :** ئامانج: وەڵامدانەوەیەکی سروشتی و بایۆلۆجی جەستەیە بۆ کەمبونەوەی ئۆکسجین، یان نیشاندانی ماندوێتی، هیچ نیازێکی کۆمەڵایەتی لە پشتەوە نییە, جۆری کردەکە :کردەیەکی فیزیۆلۆجی غەریزییە.

-**کردەی کاریگەریی:(Perlocutionary Act)**

**کاریگەریی لەسەر خۆی :** هەستکردن بە ئاسودەیی کاتی، ئامادەبونی جەستە بۆ پشو، یان خەوتن.

**کاریگەریی لەسەر بینەر (وەرگر)ئەگەر هەبێت:** لەوانەیە هیچ کاریگەرییەکی نەبێت، یان ببێتە هۆی ئەوەی بینەریش باوێشک بدات، دیاردەی باوێشکی گواستراوە.

**٢-کردەی ناڕاستەوخۆ :(Indirect Act)** گوزارشت لە بێزاری

-**بارودۆخ** :خوێندکارێک لە ناوەڕاستی وانەیەکدا باوێشک دەدات، کاتێک مامۆستاکە قسە دەکات، یان کەسێک لە کۆبونەوەیەکدا لە کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکدا.

-**کردەی جوڵەی جەستە**: هەمان کردەی جوڵەی جەستە :کردنەوەی دەم بە شێوەیەکی بەرفراوان, واتای **شاراوە** :من بێزار بوم, یان ئەم بابەتە هیچ سەرنجڕاکێش نییە.

-**کردەی مەبەست:(Illocutionary Act) :** کردەی شاراوە: گەیاندنی پەیامێکی ڕەخنەگرانە و ناڕەزایی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، جۆری کردەکە: (سەرزەنشت: قسەکانت بێزارکەرن, بێبایەخکردن: ئەوەی دەیڵێیت بۆ من گرنگ نییە, داوای ناڕاستەوخۆ: هیوادارم زو ئەم بابەتە تەواو بکەیت.

-**کردەی کاریگەریی(Perlocutionary Act):** کاریگەریی لەسەر بینەر (وەرگر): (هەستکردن بە شەرمەزاری، یان کەمبونەوەی متمانە بەخۆبون, توڕەبون و هەستکردن بە سوکایەتی، ناچارکردنی بەوەی کە قسەکانی کورت بکاتەوە یان خێراتر بابەتەکە تەواو بکات).



وێنەی ژمارە (١٥)

**شیکردنەوەی تەواوی کردەکان لە سەیرکردنی کاتژمێردا:**

**١-کردەی ڕاستەوخۆ:(Direct Act):**

وێنەکە ئاماژە بە پیاوێک دەکات، کە بە جلوبەرگی فەرمییەوە وەستاوە، سەیری کاتژمێرەکەی دەستی چەپی دەکات. دەموچاوی نیشانەی سەرنج، پەرۆشی، یان تێڕامان لە کات پێوە دیارە (چاوەکانی کەمێک شۆڕ بونەتەوە و سەرنجی لەسەر کاتژمێرەکەیە).

**-کردەی جوڵەی جەستە:** جوڵەی فیزیکی: ڕاستکردنەوەی مەچ، سەیرکردنی کاتژمێر, واتای ڕاستەوخۆ: دەمەوێت کات بزانم.

**-کردەی مەبەست:(Illocutionary Act):** ئامانج: وەرگرتنی زانیاریی دەربارەی کات، جۆری کردەکە: داواکردنی زانیاری.

**-کردەی کاریگەریی:(Perlocutionary Act):** کاریگەریی لەسەر خۆی: زانینی کاتی ئێستا، بڕیاردان دەربارەی کاری دواتر.



وێنەی ژمارە (١٦)

**٢-کردەی ناڕاستەوخۆ:(Indirect Act)**

وێنەکە ئاماژە بە پیاوێک دەکات، دەستی چەپی بەرز کردوەتەوە کە کاتژمێرێکی لەسەرە، بە پەنجەی شایەتمانی دەستی ڕاستی ئاماژە بۆ کاتژمێرەکە دەکات، دەموچاوی نیشانەی نارەزایی، بێزاری، یان چاوەڕوانییەکی زۆری پێوە دیارە (برۆکانی کەمێک نزیک بونەتەوە و دەمی کەمێک شۆڕ بوەتەوە).

**-کردەی جوڵەی جەستە:** هەمان جوڵەی فیزیکی: سەیرکردنی کاتژمێر، واتای شاراوە: ئەوە نیشاندەدات، کات گرنگە، یان:

- بەرزکردنەوەی دەست کە کاتژمێری لەسەرە.
- ئاماژەکردن بە پەنجە بۆ کاتژمێرەکە.
- دەربڕینی دەموچاوی نارەزایی/بێزاری.

**-کردەی مەبەست**:(Illocutionary Act) : ئامانجی شاراوە: سەرزەنشتکردن، ئاگاداربونەوە، یان پەشیمانی، یان پرسیارکردنە، جۆری کردەکە:

- **سەرزەنشت**: تۆ دواکەوتویت.
- **هۆشداری**: کاتمان کەمە.
- **داوا**: با پەلەبکەین.

**-کردەی کاریگەریی**:(Perlocutionary Act) کاریگەریی لەسەر بینەر(وەرگر):

- هەستکردن بە تاوان بۆ دواکەوتنی کار
- زۆرکردنی خێرایی
- داوای لێبوردن
- بەرەوپێشچون و بە پەلە جێهێشتنی شوێنەکە

**٢-٤میکانیزمی جێبەجێکردنی زمانی جەستە لە کردە قسەییەکاندا:**

تیۆریی کردە قسەییەکان لە بنەڕەتدا بۆ شیکردنەوەی زمانی زارەکی(دەربرین) دارێژراوە، بەڵام دەتوانرێت بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە نازارەکییەکانیش بەکاربهێنرێت، زمانی جەستە دەتوانێت وەک کردەیەکی قسەیی بە تەواوی لێکبدرێتەوە و شیبکرێتەوە، زمانی جەستە تەنها جوڵەی زیادە نییە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە خودی کردارەکە و چەندین ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕێت لە تیۆریی کردە قسەییەکان، وەك:

**١-پشتگیریکردن و جەختکردنەوە**: زۆر جار، زمانی جەستە هێز و کاریگەریی کردە قسەییەکە زیاتر دەکات، وەك:

- **کردەی ڕێنماییکەر**: کاتێک دەڵێیت: (وەرە ئێرە)، لە هەمانکاتدا بە دەست ئاماژە دەکەیت، ئاماژەکەی دەستت کردە قسەییەکەت (فەرمانەکە) بەهێزتر دەکات و هیچ گومانێک لە مەبەستەکەت ناهێڵێتەوە.
- **کردەی نوێنەر**: کاتێک بە دڵنیاییەوە دەڵێیت: (من لەوە دڵنیام)، لە هەمانکاتدا سەرت بە پتەوی دەلەقێنیت و چاوت لە چاوی بەرانبەرەکەت ناجوڵێنیت، زمانی جەستەت (باوەڕ و دڵنیایی)ی قسەکەت دوپاتدەکاتەوە.

**٢-دژایەتیکردن و گەیاندنی واتای پێچەوانە**: ڕەنگە گرنگترین ڕۆڵی زمانی جەستە لێرەدا دەربکەوێت. کاتێک زمانی جەستە و کردەی قسەیی یەک ناگرنەوە، گوێگر هەمیشە متمانە بە زمانی جەستە دەکات، وەکو:

- **کردەی دەربڕین**: کەسێک فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە و دەڵێت: (من باشم) لێرەدا، کردە قسەییەکە (من باشم) لەلایەن زمانی جەستەوە (گریان) بە درۆ دەخرێتەوە و پەیامی ڕاستەقینە (من باش نیم) دەگات.
- **کردەی نوێنەر**: هاوڕێکەت بیرۆکەیەکت بۆ باس دەکات و تۆش بە چاو بادانێک و بزەیەکی گاڵتەجاڕانەوە دەڵێیت (بەڕاستی بیرۆکەیەکی نایابە) لێرەدا، کردە قسەییەکە (پەسەندکردن) بەهۆی زمانی جەستەوە دەگۆڕێت بۆ کردەیەکی تر (ڕەتکردنەوە، یان گاڵتەپێکردن).

**٣- نەرمکردن یان توندکردنی کردەکە:** زمانی جەستە دەتوانێت سروشتی کردە قسەییەکە بگۆڕێت؛ لە فەرمانێکی ڕەقەوە بیکات بە داواکارییەکی هاوڕێیانە، یان بەپێچەوانەوە، وەکو: کردەی ڕێنماییکەر:

- **نەرمکردن:** دەتوانیت پەنجەرەکە دابخەیت؟ لەگەڵ خەندەیەک و برۆ بەرزکردنەوەیەکدا: وەکو داوایەکی (نەرم)وەردەگیرێت.
- **توندکردن:** هەمان ڕستە، دەتوانیت پەنجەرەکە دابخەیت؟ بەڵام بە ڕویەکی گرژ و ئاماژەیەکی تیژی پەنجەوە وەکو (فەرمانێکی ڕەق) لێکدەدرێتەوە.

**٤- جێگرەوەی کردەی قسەیی:** هەندێکجار زمانی جەستە بەتەنها و بەبێ هیچ وشەیەک، دەتوانێت ببێتە کردەیەکی قسەیی تەواو، وەکو:

- **سەرلەقاندن**: بە واتای بەڵێ (کردەیەکی نوێنەر: ڕاگەیاندنی ڕەزامەندیی).
- **دەست بەرزکردنەوە:** بە شێوەی وەستان (کردەیەکی ڕێنماییکەر: فەرمانی بوەستە).
- **پەنجە گەورە بەرزکردنەوە**: بە واتای کارێکی باشە، یان پەسەندم کرد، (کردەیەکی دەربڕ، یان بڕیاردەر).

## ئەنجام

١. شیکردنەوەی زمانی جەستە بەپێی تیۆریی کردە قسەییەکان ڕونیدەکاتەوە، کە جوڵەکانی جەستە تەنها جوڵەی ساکار نین، بەڵکو کردەی پرواتان، هەر جوڵییەکی جەستە فرە ئەرکن، بۆ چەند واتایەك و مەبەستێك بەکاردێت.

٢. تیۆریی کردە قسەییەکان لە بنەڕەتدا بۆ شیکردنەوەی زمانی زارەکی(دەربڕین) دارێژراوە، بەڵام دەتوانرێت بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە نازارەکییەکانیش بەکاربهێنرێت، زمانی جەستە دەتوانێت سروشتی کردە قسەییەکە بگۆڕێت؛ لە فەرمانێکی ڕەقەوە بیکات بە داواکارییەکی هاوڕێیانە، یان بەپێچەوانەوە.

٣. زمانی جەستە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پەیوەندیی مرۆیی، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی مەبەست و نیازەکاندا، کە ئەمەش کرۆکی تیۆریی کردە قسەییەکان پێکدەهێنێت زمانی جەستە وەک سیستەمێکی تەواو لە کردە قسەییەکان دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، هەمان ئەرکەکانی کردەقسەی ئاخاوتنی: (سەپاندنی یاسا، ڕەوشت، بەڵێندان، دەربڕین، بڕیاردان) دەبینێت.

٤. هەندێکجار زمانی جەستە بەتەنها و بەبێ هیچ وشەیەک، دەتوانێت ببێتە کردەیەکی قسەیی تەواو، وەکو: سەرلەقاندن: بە واتای بەڵێ (کردەیەکی نوێنەر: ڕاگەیاندنی ڕەزامەندیی).

٥. هەرکاتێك زمانی جەستە لەگەڵ قسەکردندا یەکبگرێتەوە، کاریگەریی کردە قسەییەکان بە ئاستێکی بەرچاو بەهێز دەبێت، بەڵام کاتێک ناکۆکی لە نێوان قسە و جەستەدا هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبون، یان شکستی کردە قسەییەکە، چونکە گوێگر هەمیشە متمانە بە زمانی جەستە دەکات.

٦. زمانی جەستە بەهەمان شێوەی زمانی دەربڕین، دەتوانێت هەردو کردەی مەبەست(ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ) بگەینێت، واتە جوڵەکانی جەستە دەتوانن کردەی ڕاستەوخۆ بن، یان کردەی ناڕاسنەوخۆ بن.

## سەرچاوەکان

ئەحمەد، عەزیز، محمد، کەلسوم خالید، بەشدار عەبدولرەحمان، عبدالمطلب عبدالله (٢٠٢٤)، ڕۆڵی زمانی جەستە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، کۆڤاری قەڵات زانست، بەرگی (٩)، ژمارە(٣).
ئەحمەد، شنە ابوبکر ( ٢٠٠٨) ، زمانی جەستە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر.
صالح، دەرون عبدالرحمن (٢٠٢٠)، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەرونی تاك، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی.
عبدالرحیم، عثمان کریم (٢٠٢٣)، پرس و چەمکە شارارەکانی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، زانستی پڕاگماتیك، چاپی یەكەم.
فەتاح، محمد معروف (٢٠١٠) ، لێكۆڵینەوە زمانییەكان، كۆكردنەوە و ئامادەكردن :شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەكەم، هەولێر.
قەیس كاكل تۆفیق (١٩٩٥)، جۆرەكانی ڕستەو تیۆریی كردە قسەییەكان، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.
مامە، داستان صابر (٢٠٢١) ڕۆلی هێما نازمانییەكان لە ئاخاوتنی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی زمان، هەولێر.
محەمەدمستەفا، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا (٢٠٢٢)، كردەی ئاخاوتەی لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا- دابونەریتی كۆمەڵایەتی بەنمونە، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەلاحەددین.
معین، سازان رچا (٢٠١٥)، زمانی ئاماژە لە چوارچێوەی زمانەوانی كوردیدا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی دهۆك، سكولی ئاداب.
مەحمود، ئاڤێستا كەمال (٢٠٠٩)، پراگماتیكی ڕستەی پرسیار و فەرماندان لە زمانی كوردیدا، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی.
مینە، محەمەد ئەمین حسەین (٢٠٠٤)، زمانی جەستە، چاپخانەی تاران.
Austen، J.L. (1962)، How to do things with Words، Oxford: Oxford University Press Britain.
Ekman، Paul (1970). Universal Facial Expression of Emotion. Published in California Mental health Research Digest. Vol، 8. Autumn 1970. University of California، San Francisco.
حليمه، صدوق شريف ( ٢٠١٨) ، نضريه افعال الكلام بين التراپ العربي والمناهج الحديپه، رساله الماجستير، جامعه الدكتور مولاى القاهر سعيده /كليه الأداب واللغات والفنون/قسم الأداب، الجزائر.
مدور، محمد (٢٠١٤) ، الأفعال الكلاميه في القرأن الكريم، رساله دكتوراه، جامعه الحاج لخچر باتنه /كليه الأداب واللغات، الجزائر.